# کۆچی دوایی زانا و سیاسەتکار و نیشتمانپەروەری کورد، هاوبیر دوکتۆر موزەفەر پەرتۆماه



دوکتۆر موزەفەر پەرتۆماه، ساڵی ۱۳۲۰ی هەتاوی، بەرامبەر بە ساڵی ۱۹٤٦ی زاینی، لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردەواری لە گەڕەکی جۆراوای شاری سنە، چاوی بە دنیا هەڵێنا. خوێندنی سەرەتایی و نێوەندی سەرکەوتووانە تێپەڕکرد. پاشان بووە زیرەکترین قوتابی نموونە لە دواناوەندی و بەکالۆریای لە رشتەی ماتماتیک و فیزیکدا وەرگرت.

ساڵی ۱۹٦٤ بۆ درێژەدان بە خوێندنی بەرز، بەڕێکرا بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، لە زانستگەی "وێسکانسن" لە رشتەی فیزیکی ئەتۆمی درێژەی بە خوێندن دا و، کارنامەی دۆکتۆرای لەو زانستگەیە وەرگرت و، لە "ناسا" دامەزرا. لە ناسا بۆ ماوەی ۱۹ ساڵ لەبواری زانستی فیزیکی پزیشکی دا درێژەی بە لێکۆڵینەوەدا.

ساڵی ۱۹۷۰ لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوبیران و زانایانی ئاینی و کوردپەروەر، لەوانە وەک شێخ عومەر غەریب و پرۆفیسۆر حەمە ساڵح گابوری، "حیزبی ئیسلامیی کوردستان" یان دامەزراند. ساڵی ۱۹۸٥ لەگەڵ کۆمەڵێک لە نیشتمانپەوەران و زانایانی گەورەی کورد، لەوانە دوکتۆر جەواد مەلا، پرۆفیسۆر جەمال نەبەز، ژنراڵ عەزیز عەقراوی، شێخ لەتیف مەریوانی و، چەندین کەسایەتی و نیشتمانپەروەری دیکە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بوو.

هاوبیر دوکتۆر موزەفەر هەروەها لەساڵی ۲۰۰٥ و، پاش کۆتایی کۆنگرەی پێنجەمی - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، بە ئەندامی کۆمیتەی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - رۆژهەلات هەڵبژێردرا.

دوکتۆر موزەفەر لەبواری زانست و تێکنۆلۆژیدا بلیمەت و زانا و رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی گەلەکەی بوو. لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و کۆمەلایەتیشدا، پتر وەک زانا و کەسایەتییەکی ئاینی دەناسرا، بەلام خۆشەویستی و ئەڤینی بەرامبەر نیشتمانی لەتلەتکراوی و، باوەڕی پتەو و پیرۆزی بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، بەرزترین ئاوات و ئامانجی ژیانی دوکتۆر موزەفەری پێکدێنا.

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هاوبیر دوکتۆر موزەفەر، رۆژی ۱٤ /۲ / ۲۰۰٦، لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا لە شاری نیۆیۆرک لە ئەمریکا، دوور لە زێد و نیشتمانی خۆشەویستی کوردستان،ماڵئاوایی لێکردین.

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە، پرسە و سەرخۆشیمان ئاراستەی خۆمان و بنەماڵەی بەڕێزی و هەموو خزم و دۆستانی و تێکڕای نەتەوەی کوردمان دەکەین.

**هەزاران سلاو لە گیانی پاکی دوکتۆر موزەفەر و، هەموو شەهیدانی رێگەی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان**